# هەڵبژاردنی پێشوەختەو دڵەڕاوکێی حزبە کوردییەکان

08-05-2021

**نووسەرەکان**

ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو

**کورتە :** سەرەتا دەمەوێت ئەوە بڵێم کە ئەگەر جیاوازی گەورەی نێوان هەموو هەڵبژاردنەکانی پێشووی عێراق لەگەڵ هەڵبژاردنی داهاتووی مانگی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٠ ، لە یاسای هەڵبژاردنی نوێنەرانی عێراق، ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٢٠دا بێت، ئەوا خاڵی جیاکەرەوەی یاساکەش، سیستمی هەڵبژاردنەکەیەتی. چونکە لەو یاسایەدا سیستمی هەڵبژاردنەکە لە ئەندامێکی ناو خێزانی سیستمێکی هەڵبژاردنەوە، گۆڕاوە بۆ ئەندامی خێزانی سیستمێکی دیکەی هەڵبژاردنی، کە لەڕووی هەریەک لە داڕشتەی حسابکردنی دەنگەکان، خۆبەربژێرکردن، ژمارەی بازنەکانی هەڵبژاردن و قەبارەی هەریەک لە بازنەکان تەواو جیاوازە. واتە سیستمی هەڵبژاردنەکە لە (لیستی نوێنەرایەتی ڕێژەیی PRL)ەوە گۆڕاوە بۆ (زۆرینەی یەکدەنگی نەگوێزراوە SNTV).

ئارام جەمال ـ پسپۆڕی هەڵبژاردن|

سەرەتا دەمەوێت ئەوە بڵێم کە ئەگەر جیاوازی گەورەی نێوان هەموو هەڵبژاردنەکانی پێشووی عێراق لەگەڵ هەڵبژاردنی داهاتووی مانگی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٠ ، لە یاسای هەڵبژاردنی نوێنەرانی عێراق، ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٢٠دا بێت، ئەوا خاڵی جیاکەرەوەی یاساکەش، سیستمی هەڵبژاردنەکەیەتی. چونکە لەو یاسایەدا سیستمی هەڵبژاردنەکە لە ئەندامێکی ناو خێزانی سیستمێکی هەڵبژاردنەوە، گۆڕاوە بۆ ئەندامی خێزانی سیستمێکی دیکەی هەڵبژاردنی، کە لەڕووی هەریەک لە داڕشتەی حسابکردنی دەنگەکان، خۆبەربژێرکردن، ژمارەی بازنەکانی هەڵبژاردن و قەبارەی هەریەک لە بازنەکان تەواو جیاوازە. واتە سیستمی هەڵبژاردنەکە لە (لیستی نوێنەرایەتی رێژەیی PRL)ەوە گۆڕاوە بۆ (زۆرینەی یەکدەنگی نەگوێزراوە SNTV).

لە دیارترین ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر سیستمی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا هاتوون، بریتین لەوەی کە:

١. داڕشتەی حسابیی سیستمی هەڵبژاردنی تازە پێماندەڵێت:"ئەو بەربژێرانەی زۆرترین دەنگ بەدەستبهێنن کورسییەکانی ناو بازنەی هەڵبژاردنەکەیان دەبەنەوە."، بەڵام هیچکام لەو بەربژێرانە کورسی نابەنەوە کە ژمارەی دەنگەکانیان ناگاتە دەنگی پێویست بۆ بردنەوەی کورسییەک لە کورسییەکانی بازنەی هەڵبژاردن. لەوەش جیاوازتر ئەوەیە کە ئەو بەربژێرانەی کورسی نابەنەوە، دەنگەکانیان جێناکەوێت و ناگوێزرێتەوە بۆ هیچ بەربژێرێکی دیکەی ناو بازنەی هەڵبژاردنەکە. هەر لەبەر ئەوەشە سیستمەکە ناونراوە (زۆرینەی یەکدەنگی نەگوێزراوە)، بەڵام لە سیستمی هەڵبژاردنی پێشووی عێراقدا (لیستی نوێنەرایەتی رێژەیی)، هەموو دەنگەکانی ناو لیستەکە کۆدەکرایەوەو دواتر بە پێی ژمارەی ئەو کورسییانەی هەر قەوارەیەکی سیاسی بەدەستی هێناون، دەنگەکان لە بەربژێری کەم دەنگەوە بۆ بەربژێری زۆردەنگ دەگوێزرانەوە.

٢.خۆبەربژێرکردن لە لیستەوە گۆڕاوە بۆ بەربژێری تاکەکەسی سەربەخۆ یان بەربژێری حزبی/ هاوپەیمانی. واتە حزب لە رێگەی بەربژێرەوە دەچێتە ناو کێبڕکێی هەڵبژاردنەوەو، بەربژێر وەک تاکەکەس لەبەردەم دەنگدەردایە. هەربۆیە دەرچونی بەربژێر لەم دۆخە نوێیەدا، بە پلەی سەرەکی کەوتۆتە سەر تواناو لێهاتوویەکانی بەربژێر خۆی لەلایەک و هۆشیاری دەنگدەرانیش لەلایەکی ترەوە. بە پێچەوانەی لیستەوە کە تێیدا بەربژێر لەڕێگەی حزبەوە دەچێتە ناو هەڵبژاردن و بە پلەی سەرەکیش پشت بە حزب دەبەستێت. جگەلەوە، بەربژێری تاکەکەسی ناتوانێت لە سیستمی هەڵبژاردنی لیستی نوێنەرایەتیی ریژەییدا کورسی لە بەربژێری ناو لیستی حزب و هاوپەیمانییەکان بباتەوە.

٣.هەموو ئەندامانی خێزانی سیستمی زۆرینە/ فرەیی بەوە دەناسرێنەوە کە ژمارەی بازنەکانی هەڵبژاردنی زۆرەو، بە گشتی ژمارەیان زێدەترە لە ژمارەی بازنەکانی هەڵبژاردنی لیستی سیستمی رێژەیی. هەربۆیە ئەم سیستمی هەڵبژاردنە تازەیە، ژمارەی بازنەکانی هەڵبژاردنی لە (١٨) بازنە ( پارێزگا)ی عێراقەوە زیادکرد بۆ (٨٣) بازنەی هەڵبژاردنی بچووکتر لە پارێزگا، ئەمەش ئەرکی سەرشانی حزب قورسدەکات بەوەی کە دەبێت لە هەر بازنەیەکدا بانگەشەی تایبەت بەو بازنەیە ئەنجامبدات و بەمەش گوتاری سەرتاسەری کاڵدەبێتەوە.

٤.دیارە پەیوەندییەکی پێچەوانە لەنیوان ژمارەی بازنەکانی هەڵبژاردن و قەبارەیاندا هەیە. هەربۆیە چەندێک بازنەکانی هەڵبژاردن ژمارەیان زۆرتر بێت، بەو ئەندازەیەش قەبارەیان بچوکتر دەبێتەوە. مەبەست لە قەبارەی بازنەی هەڵبژاردن ژمارەی ئەو کورسی/نوێنەرانەیە کە بۆ هەر بازنەیەکی هەڵبژاردن تەرخاندەکرێت. ئەگەر قەبارەی هەر بازنەیەک لە بازنەکانی هەڵبژاردنی پێشووی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق زیاتر لە (١٠) کورسی نوێنەرایەتی بووبێت، ئەوا قەبارەی بازنەکان لە هەڵبژاردنی داهاتوودا لەنێوان (٣-٥) کورسی/نوێنەردایە. دیارە ئەمەش حزبە بەشدارەکانی هەڵبژاردنی داهاتوو ناچاردەکات لەباشترین حاڵەتدا (٣) بەربژێریان لە بازنەیەکدا هەبێت.

**دڵەڕاوکێی حزبە کوردییەکان لە هەڵبژاردنی داهاتوو**

لە ساڵی (١٩٩٢)ەوە هەتا ئێستا، حزبە کودییەکان تەنیا بە سیستمی "لیستی نوێنەرایەتی رێژەیی"ەوە چوونەتە نێو هەریەک لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان و ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان. هەربۆیە گۆڕینی سیستمی هەڵبژاردنەکە بۆ "یەکدەنگی نەگوێزراوە" حزبەکان دووچاری دڵەڕاوکێ و راوەشاندن دەکات، بەهۆی:

1.دەقگرتنی حزبەکان لەسەر پیادەکردنی سیستمی هەڵبژاردنی لیستی نوێنەرایەتی رێژەیی و راهاتنیان لەسەری.

2.قورسی و دروستکردنی سەرئێشەی زیاتر بۆ حزبەکان لە بژاردنی بەربژێرانی زۆری ناوخۆی حزبەکان و کەمکردنەوەیان بۆ یەک یان دوو بەربژێر و لە پاڵ ئەوەشدا، دابینکردنی بەربژێری بەهێزو دڵخوازی زۆرینەی حزب یان هاوپەیمانی.

3.کاڵبوونەوەی رۆڵی حزبەکان لە بردنەوەی کورسییە کەمەکانی ناو بازنەی هەڵبژاردنەکان بەهۆی سەنتەربوونی رۆڵی بەربژێر لە هەڵبژاردنەکەو، ئامادەبوونی (بەربژێری تاکەکەسی و سەربەخۆ) وەک بکەرێکی نوێ لەناو پرۆسەکەدا بە ژمارەیەکی بەرچاو.

4.کاڵبوونەوەی کاریگەریی کەناڵی ئاسمانی و دەزگای میدیایی سەرتاسەری حزبەکان لە بانگەشەی هەڵبژاردندا بەهۆی زۆریی بازنەکانی هەڵبژاردن و، دابەشبوونی بەربژێرەکانی حزبە کوردییەکان بەسەر ١٢ بازنەی هەڵبژاردندا.

5.کەمی ژمارەی کورسییەکانی بازنەی هەڵبژاردن دەبێتە کۆسپ لەبەردەم تێرکردنی بەربژێرانی باڵە جیاوازەکانی یەک حزب و، لە بارێکدا ئەگەر خواستی هەموو باڵەکان تێر نەکرا، ئەوا ساردی بەدوای خۆیدا دەهێنێت و لە رۆژی دەنگداندا رەنگدانەوەی خراپی بۆ ئەو حزبە دەبێت.

**گومبوونی سەرۆکی لیست**

ئەگەر وەبیر خۆمانی بهێنینەوە، دەبینین لە هەڵبژاردنەکانی رابردوی پەرلەمانی کوردستاندا زۆربەی دەنگەکان بۆ سەرۆک لیستەکان چوون. هەندێکجار جیاوازی نێوان دەنگەکانی سەرۆکی لیستەکە و دووەمین براوەی هەمان لیست یان دواهەمین بەربژێری براوەی ناو لیستەکە بە سەدان هەزار دەنگ بووە (بۆ زانیاری زیاتر لەوبارەیەوە سەیری خشتەی ژمارە -١- بکە)

خشتەی ژمارە -١-

هەڵبژاردنی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان

لیستی یەکێتی نیشتمانی کوردستان

| جیاوازی نێوانیان | ژ.دەنگی بە دەستهاتوو | ناوی کاندیدی براوە | ژ |
|---|---|---|---|
| | 182,551 | قوباد جەلال تالەبانی | یەکەمین براوەی لیست |
| 174,454 | 8,097 | بێگەرد شکراللە | دووەمین براوەی لیست |
| 180,832 | 1,719 | سەلمە فاتیح تۆفیق | دواهەمین باروەی لیست |

لیستی بزووتنەوەی گۆڕان

| جیاوازی نێوانیان | ژ.دەنگی بە دەستهاتوو | ناوی کاندیدی براوە | ژ |
|---|---|---|---|
| | 91,934 | عەلی حەمە ساڵح | یەکەمین براوەی لیست |
| 78,015 | 13,919 | شیرین ئەمین | دووەمین براوەی لیست |
| 91,109 | 825 | گوڵستان سەعید | دواهەمین باروەی لیست |

لیستی جوڵانەوەی نەوەی نوێ

| جیاوازی نێوانیان | ژ.دەنگی بە دەستهاتوو | ناوی کاندیدی براوە | ژ |
|---|---|---|---|
| 105,728 | 106,289 | شاسوار عبدالواحید | یەکەمین براوەی لیست |
| 104,082 | 2,207 | کازم فاروق نامق | دووەمین براوەی لیست |
| 105,728 | 561 | شادی نەوزاد | دواهەمین باروەی لیست |

لیستی کۆمەڵی ئیسلامی

| جیاوازی نێوانیان | ژ.دەنگی بە دەستهاتوو | ناوی کاندیدی براوە | ژ |
|---|---|---|---|
| | 42459 | سۆران عومەر | یەکەمین براوەی لیست |
| 23316 | 19143 | ستار عبدالمجید | دووەمین براوەی لیست |
| 41454 | 1005 | روپاك ئەحمەد | دواهەمین باروەی لیست |

ئەگەر گریمانەی ئەوە بکەین کە هەڵبژاردنی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان بە سیستمی "یەکدەنگی نەگوێزراوە" ئەنجامبدرایە، ئەوا تەنها کەسی یەکەمی ئەو حزبانە کورسییان دەبردەوە و، دەرفەت لەبەردەم ژمارەیەک بەربژێری سەربەخۆشدا دەبوو کە کورسی نوێنەرایەتی ببەنەوە. لەوانەش گرنگتر ئەوەیە، کاتێک سەرۆکی لیست ناچێتە پەرلەمان ئەوا مەرج نییە بەربژێرێکی ناو هەمان فراکسیۆن بچیتە جێگەی، بەڵکو ئەو بەربژێرە جێگەی دەگرێتەوە کە ژمارەی دەنگەکانی لە بازنەی هەڵبژاردنەکەدا بەدوای کۆتا بەربژێری براوەدا دێت. ئەمەش ڕێگرییەک دەبێت بۆ ئەوەی بەربژێری بەهێز تەنیا دەنگ کۆبکاتەوەو دواتر خۆشی نەچێتە ناو هۆڵی پەرلەمان. سیستمی نوێی هەڵبژاردن"یەکدەنگی نەگوێزراوە" ناچاری دەکات، یان هەر لە سەرەتاوە خۆی بەربژێر نەکات یان کە دەرچوو ناچارە سوێندی یاسایی بخوات و ببێتە ئەندامی پەرلەمان.